له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ماڵ و سامان

## لەنێوان

## خۆشبەختی وبەدبەختی مرۆڤدا

و.بەدەستكاریەوە

پشتیوان حسن

١٤٣٣ كۆچی　　　　چاپی یەكەم

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونتوب إليه, ونتوكل عليه, ونثني عليه الخير كله, نحمده ولانجحده, ونصلي ونسلم على خير الأنام محمد عليه الصلاة والسلام ...وبعد:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ [الكهف: ٤٦].واتە: ماڵ ومناڵ زینەت وجوانی ژیانی دونیان.

وەهەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ [التغابن: ١٥].واتە: بەڕاستی ماڵ ومنداڵەکانتان بەڵان بۆتان, پێیان تاقی دەکرێنەوە, تادەرکەوێ کامتان گوێڕایەڵی دەکەن وکامیشتان یاخی دەبن, کەوابوو بێداروهۆشیاربن پێیان فریو مەخۆن! لەکاتێکدا خوای میهرەبان پاداشتێکی گەورەی لایە, واتە بەهۆی ئەو سەروەت وسامان وژن ومنداڵەتانەوە دەستخەڕۆ مەبن.

خوای گەورە منەت دەکاتە سەر بەندەکانی بەوەی کە نیعمەتی ماڵ ومنداڵی پێیان بەخشیوە بۆئەوەی تاقیان بکاتەوە لەسەر ئەوشتانەی کەپێی بەخشیون, ئایا دەبێتە نیعمەت بەسەر خاوەنەکەیەوە یاخود دەبێتە هۆی ڕق وئێش وئازار, جا ئەوەی مافی خوای لەماڵ وسەروەتەکەیدا زانی ئەوا دەبێتە خێروبەرەکەت بۆی سوودی پێ دەگەیەنێ.

وەئەوەشی مافی خوای نەزانی لەو سەروەت وسامانەی کە خوا پێی بەخشیوە, ئەوا دواتر دەبێتە هۆی ئازارو سەختی وبارگرانی لەسەری و پەشیمان دەبێتەوە لەکاتێکدا کەپەشیمانی سوودێکی نابێ بۆی, خوای بەخشندە منەت دەکاتەسەر بەندەکانی بەبەخشینی ماڵ ونیعمەتێکی زۆری لەبن نەهاتووی نەژمێردراو, یەکێك لەو نیعمەتانە بریتیە لە سەروەت وسامان.

ئەگەر بێتو لەم کات و سەردەمەدا لێکۆڵینەوەو گەڕانێك بکەین بەداخەوە نابینین کە دوو دڵ لەبرایەتیدا بن لەگەڵ یەکتردا-مەگەر ئەوەی خوا ڕەحمی پێکردبێ- دەبینی کە دراوسێ لەحاڵەتێکی هەژاری ونەداری زۆر سەختدایە کەچی دراوسێ دەوڵەمەندەکەی لای لێ ناکاتەوە, وەیاخود بەڵاوکارەسات بەسەر نزیك وخزماندا دێت, لەگەڵ ئەوەشدا نابینین کاریگەری خزمان ودۆستانی خواپێداوی دەوڵەمەند بۆسووك کردن وئاسانکردنی بەڵاونەهامەتیەکە لەسەری,

ئەو دەوڵەمەندە بیری چۆتەوە کەئەو لە ژیانێکی مۆڵەت پێدراوەو شوێنی تاقیکردنەوەیە, وەکو بڵێی ئەم دەوڵەمەندە هەستی بەوە نەکردووە کەچی بەسەر دراوسێکەیدا هاتووە, ئایا دەزانی هۆکارەکەی چیە؟ بریتیە لەوەی کەماڵ وسامان زۆرینەی زۆری خەڵکی سەرقاڵکردووە, سەرقاڵیانی کردووە تەنها بەخۆیەوەو هەموو شتێکی لەبیربردوونەتەوە تەنها کۆکردنەوەوژماردنی سامان نەبێت.

ماڵ وسامان دڵەکانی پڕکردووە هەتا کارگەیشتۆتە ڕادەیەك شوێنێکی تری تێدانەماوە بۆ بەهایەکی تر, هەر لەپێناوی ئەودایە شەرەف وناموسەکان دەشکێنرێن, خوێن دەڕێژرێت, تەنها لەبەرخاتری ئەوە برایەتی دەبەسترێت ودوژمنایەتی ورق وکینە دروست دەبێت, ماڵ وسامان بۆتە جەمسەرو خاڵێکی وەها کە دڵەکان تەنها بەدەوری ئەودا دەسوڕێنەوەو کاروکردەوەی مرۆڤەکان هەر لەپێناوی ئەودا دەبێت وهەوڵەکان هەربۆ ئەو تەرخان دەکرێن, تەنانەت مرۆڤی وەها هەیە کەهەر دەڵێی بەتایبەت بۆ بەدەستهێنان وکۆکردنەوەی ماڵ وسامان خوا خەلقی کردووە.

بۆیە دڵەکان لەخۆشی وئاسوودەییدان مادام ماڵ وسامان سەلامەت ودوور لە کێشەوئاستەنگە هەرچەندە ئەگەر ئەو ماڵ وسامانە سەربکێشێ بۆ ڕووخان

ودارِمانی شەرەف ودین و کەسەکان, بۆیە خەڵکی لەهاتووچۆو پەیوەندیدان هەتا داوای ماڵ وداراییان لێ ناکرێت, وەئەگەر هاتوو داوای ماڵ کرا ئەوا ناخ ودەروونەکان دەکەونە دژایەتی ورِق لێبوونەوە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ [آل عمران: ١٨٠].

واتە: بائەوکەسانە کە خوا لەفەزڵ ومیهرەبانی خۆی ماڵی پێ بەخشیون و, رِژدی وچرۆکی تیّدا دەکەن, وانەزانن ئەو چرووکیە قازانجیانە, نەخێر, خێروقازانج نیە بۆیان, بەڵکو مایەی زەرەرو زیانیانە, چونکە لە رِۆژی قیامەتدا بەو سامانەی چرووکیان تیّدا کردووە, تەوق دەکرێتە ملیان.

**هەندێ لەزانایان فەرموویانە** : رِەزیلی وچرووکی دەبێتە هۆی هێنانی ئەو هەژاریەی کە دەوڵەمەندەکە لیّی رِادەکات و لەدەست دانی ئەو دەوڵەمەندیەی کە خۆی داوای دەکات, هەربۆیە لە دونیادا بەهەژاری دەژیت و لەقیامەتیشدا وەکو دەوڵەمەند مامەڵەو حیسابی لەگەڵدا دەکرێت !! بۆیە دەبینی تەنها رِەزیل

وچرووکە کە میراتگرەکانی دڵخۆش وبەختەوەرن بە نەخۆشکەوتنی و مردنی, لەکاتێکدا ئەو نغرۆ بووە لەناو کۆکردنەوەی ماڵ وساماندا بەشەووبەڕۆژ دەبینی پشوو نادات بێزارنابێت لەترسی هەژاریدا کەچی خودی ڕەزیلیەکە هەژاریە بۆی!!

تەنانەت دەسگیرۆیی دەکات لەسەر خۆیشی لەترسی ئەوەی نەوەك کەم بکات, یان لەناوبچێت, وە چرووکی دەکات لەسەر ماڵ ومنداڵەکانی ولێیان دەگرێتەوەو بەگوێرەی پێویست پێیان نابەخشێت ئەوەش لەبەر خۆشەویستیەتی بۆکۆکردنەوەی ماڵ وسامان.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت «كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَمْلِكُ قُوتَهُ» [مسلم].

واتە: بەسە بۆ تاوانباری کەسێك کە خەرجی خەرجی ئەو کەسە نەدات کە بژێوی لەسەریەتی و تواناشی هەیە کە بیدات.

وەهەروەها دەفەرموێت « مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلا مَلَكَانِ يَنْزِلانِ ، فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا : اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا ، وَيَقُولُ الآخَرُ : اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا

تَلَفًا » [متفق عليه]. واتە: هیچ ڕۆژێك نیە كە بەندەكان تێیدا ڕۆژبكەنەوە ئیلا دوو فریشتە دادەبەزێت, یەكێكیان دەڵێت: ئەی پەروەردگار, ئەوەی دەبەخشێت جێگەی بۆ پڕبكەرەوە, ئەوی تریش دەڵێت: ئەی پەروەردگار, ئەوەی نابەخشێت وەدەیگرێتەوە ماڵەكەی لەناوببە.

وەهەروەها دەفەرموێت : « دِينَارٌ أَنْفَقْته فِي سَبِيلِ اللَّهِ ؛ وَدِينَارٌ أَنْفَقْته فِي رَقَبَةٍ ؛ وَدِينَارٌ تَصَدَّقْت بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ ؛ وَدِينَارٌ أَنْفَقْته عَلَى أَهْلِك ؛ أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْته عَلَى أَهْلِك» [رَوَاهُ مُسْلِمٌ]. واتە: دینارێك لە پێناوی خوادا بیبەخشی ودینارێك لە پێناوی ڕزگاركردنی كۆیلەیەكدا بیبەخشی ودینارێك بكەیت بەسەدەقە بۆ هەژارێك ودینارێك ببەخشیت بەماڵ ومناڵت, ئەوەی لەهەمووی پاداشتی گەورەترە ئەوەیە كەدەیبەخشیت بۆماڵ ومناڵت.

ئەو چرووكی نەزانە نازانێت كە ئەو سەروەت وسامانەی كەئێستا لەدەستیدایە پێش ئەم لەدەست كەسێكی تردا بووە, پاشان ئەم ماڵە جیل لەدوای جیل دەست بەدەسی پێكراوە تا گەیشتۆتە دەست ئەم, بەدڵنیاییەوە ڕۆژێكیش دەكەوێتە دەست كەسێكی ترو یەكێكی تر دەبێتە خاوەنی.

جا بەختەوەر ئەو کەسەیە کەلە پێناو ڕەزامەندی خوادا بەسەری دەبات وسەرفی دەکات, وە بەدبەختیش ئەو کەسەیە کەلە تورەیی وپێناخۆشبوونی خوادا سەرفی دەکات.

جا ئەمڕۆ کەسی وا هەیە کەبەدرێژایی ساڵ پارەوسامان کۆدەکاتەوە تا مۆڵەتەکەی دێتەپێشەوەو خۆی وماڵ ومناڵی سەفەردەکەن بۆ وڵاتی کوفروبێباوەڕی, بۆ وڵاتی تاوان وسەرپێچی, بۆ وڵاتی سفوری وڕووتی, منداڵەکانی دەبات بۆ وەها وڵات وشوێنێك بۆ ئەوەی ئاویان بدات بە شارستانیەتی سەرابی لەناوچوو, ئەچێت لەپێناوی تورەکردنی خوادا, لەبیری چوو کە خوای باڵادەست لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات سەبارەت بەو ماڵ وسامانەی کەلایەتی پێی دەڵێت چۆن پەیدات کردوو؟ لەرێگەی چیدا سەرفت کرد؟

وەیاخود بەداخەوە گەنج ولاوی وا هەیە کە مووچەی مانگانەی کۆدەکاتەوەو لەپێناو زیناوداوێن پیسیدا- پەنا بەخوا- و خواردنەوەی مەی ومادەدەی سڕکەرو بێهۆشکەردا سەرفی دەکات !! بەخەیاڵی خۆی وایداناوە کەئەوە ڕێگای ئاسوودەیی وخۆشحاڵی دەروونییەتی, نازانێت کەبەدەستی خۆی خۆی دەکوژێت و شەیتان بۆی دەڕازێنێتەوە, وەکو ئاوی سوێر وایە هەرچەندی لێبخوات زیاتر تینووی دەبێت!!

دەبا ئەو جۆرە کەسانە وەڵامێك بۆ خوای پەروەردگار ئامادەبکەن وگرنگ ئەوەیە وەڵامەکەش ڕاست وپەسەندبێت.

## برای دەوڵەمەندو خاوەن ماڵ:

بزانە کە تۆ کات بەڕێ دەکەیت ئەگەر بزانی کەئەم ماڵە بەزووترین کات لای تۆ دەگوازرێتەوە, جا کات مەکوژەو دەروونت ڕابێنە بۆبەخشینی وئامادەبە بۆی, وەبزانە سوێند بەخوا کەتۆ دەمریت, و ئەو ماڵەی کە کۆتکردۆتەوە دەبێتە میرات بۆ دوای خۆت هەرچەند پێتیش ناخۆش بێت, جا ئەوان چێژی لێ وەردەگرن لەدوای خۆت, کەچی تۆ پرسیارت لێ دەکرێت لەسەری دیناربەدینار وفلس بەفلس, وەئەگەر تۆش کۆکەرەوەی ماڵ وڕێگربویتە لەبەخشینی لەڕێگەی خێرو چاکەدا, ئەوا دەرئەنجامەکەی بەدبەختی وپەشیمانیە,﴿ مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ﴾ (الحاقة: ٢٨).

واتە: دارایی وماڵەکەم هیچ کەڵکێکی پێ نەگەیاندم بۆئەم ڕۆژەم. لەو کاتەدا داوای فریاکەوتنی لێدەکەیت بەڵام نایەت بەهاناتەوە, لەوکاتەدا ئاواتەخوازیت کە دونیا هەمووی هی تۆ بێ بۆئەوەی هەمووی ببەخشیت بەڵام هیچ سوودێکی نابێت تازە ناگەڕێیتەوە.

وەیل بۆ ئەو کەسەی کەبە لووت بەرزی وفیزەوە لەم دونیایەدا دەژیت, و واگومان دەبات کە هەموو خۆشبەختی وئاسوودەیی لە کۆکردنەوەی ماڵ و کەڵەکەبوونیەتی بە ملیۆنان وکڕینی زەوی وخانوو...., بەڵام ئەوە دۆڕاوە کەوا بیربکاتەوە, بەڕاستی خۆشەویستی ماڵ وسامان دین وئابڕووی بیری خەڵك بردۆتەوەو تەنها کێبڕکێیانە لەسەر دونیا.

ئایا ساماندارەکان نەیانزانیوە ئەگەر سامانەکەیان لەڕێگەی خزمەتی چاکەو بڵاوکردنەوەی دیندا بەکارنەهێنن ئەوا لەپاشەڕۆژدا دەبێتە نەگبەتی بۆیان؟ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی" اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ جَارِ السُّوءِ , وَمِنْ مَالٍ يَكُونُ عَلَيّ عَذَابًا "( السلسلة الصحيحة : ٣١٣٧ ) .

واتە: خوایە پەنات پێ دەگرم لەدراوسێی خراپ ولەماڵ وسامانێك کەببێتە هۆی سزاوئازار بەسەرمەوە.

کاتێك پرسیارکرا لە پێغەمبەر عیسا (عليه السلام) دەربارەی ماڵ وسامان, ئەویش ووتی" خێری تێدانیە" وترا بۆچی ئەی پێغەمبەری خوا؟ ووتی" لەبەرئەوەی بەڕێگەی حەڵاڵ کۆناکرێتەوە" وترا ئەگەر لەڕێگەی حەڵاڵەوە کۆکرایەوە, ووتی" مافی خۆی نادا" وترا ئەگەر مافی خۆیشی دەرکرد؟ ووتی"

خاوەنەکەی لە لووت بەرزی وخۆبەزلزانی ڕزگاری نابێت" وترا ئەگەر ڕزگاری بوو؟ ووتی" سەرقاڵی دەکات لە زیکری خوا" وترا ئەگەر سەرقاڵی نەکرد, ووتی" لە ڕۆژی دواییدا حسابی زۆرەودرێژە دەکێشێت"!!

جا وورد بەرەوەو بیربکەرەوە لەو پێنج هەوراز وئاستەنگە, زۆر کەمن ئەوانەی کە ڕزگاریان دەبێ لێی, ئەوەش لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکان دووپرسیاریان لێدەکرێت چۆن ئەوپارەیان پەیداکردو بەچی ڕێگەیەکیش خەرجیان کرد؟ جا ئەی ئەوانەی کەسامانداران وچرووکی ودەسگیرۆیی دەکەن وەڵامێك ئامادەبکەن بۆ ئەو پرسیارانە, ﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ [الشعراء: ٨٨، ٨٩] واتە: ئەو ڕۆژە نەماڵ ومنداڵ وکوڕ سوود دەداو بەکەڵك دێن, مەگەر کەسێك کەبەدڵێکی ساغەوە بێتە حزووری خوا. وە دڵی سەلیمیش واتە بێگەردوسەلامەت لە شیرك وشەڕوخراپە, وەماڵ وسامانیش لەو ڕۆژەدا سوودێك بەخاوەنەکەی ناگەیەنێت, مەگەر کەسێك تەنها لەبەر خوا بەخشیبێتی ئەوا لە قیامەتدا لەسێبەری سەدەقەکەیدا دەبێت.

وە ئێمەی موسڵمانان چاولێەکری وپێشەنگێکی باش وچاکمان بۆ هەیە لەبارەی بەخشین و یارمەتی داندا لەپێناوی خوادا لە پێغەمبەرو(صلى الله عليه

**وسلم) هاوەڵەکانیدا, ئەوە پێغەمبەرە(صلی اللە علیە وسلم) کەلە با بەخشندەتربووە, بەتایبەت لە ڕەمەزاندا بەخشندەییەکەی زۆرتربووە, غەمی پێغەمبەر لەدونیادا کۆکردنەوەی ماڵ ودارایی نەبووە, بەڵکو خۆپارێزبووە تێیدا, وفەرموویەتی :« حُبِّبَ إليَّ من دنياكُمُ النِّسَاءُ والطِّيبُ وجُعِلَتْ قُرَّةُ عيني في الصَّلاة »** رواه النسائي ( ٣٩٣٩ ) من حديث أنس بن مالك – رضي الله عنه – .وصححه الحاكم ( ٢ / ١٧٤ ) ووافقه الذهبي ، وصححه الحافظ ابن حجر في " فتح الباري " ( ٣ / ١٥ ) و ( ١١ / ٣٤٥ ).

**واتە: : لەو دونیایەی ئێوەدا ئافرەتم لاخۆشەویست کراوە ، و بۆنی خۆش ، و بەڵام خۆشنوودی چاوەکانیشم لە نوێژدا دەبینمەوە.**

**وەهەرگیز کۆکردنەوەی ماڵ ودارایی بەخەیاڵیدا نەهاتووەو بیری لێ نەکردۆتەوە, لەکاتێکدا مانگ ودوومانگ وسێ مانگ بەسەریدا هاتووە بەبێ ئەوەی ئاگرلەماڵەکانیدا بکرێتەوە, بەڵکو خۆراکی بریتی بووە تەنها لە ئاووخورما, وەکو لەجابرەوە کەدەگێڕێتەوە دەڵێت « ما سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا**

قَطُّ فَقَالَ لا » [متفق عليه].واتە: هەرگیز داوای شتێك لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەكراوە بڵێ نەخێر.

وە ئەوە عومەری كوڕی خەتتابە كە دەیەوێت لەبەخشیندا پێش ئەبوبەكر بكەوێت, نیوەی ماڵەكەی دەهێنێت, و پێغەمبەریش(صلی الله علیه وسلم) پێی دەڵێت چیت بەجێ هێشتووە بۆ ماڵ ومنداڵت؟ ئەویش ووتی: نیوەم بۆیان بەجێ هێشتووە, كەچی ئەبوبەكر هەموو ماڵەكەی هێناو خستیە پێناوی خوا, پێغەمبەریش(صلی الله علیه وسلم) پێی فەرمووی: چیت بەجێ هێشتووە بۆماڵ ومنداڵت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: خواوپێغەمبەرەكەیم بۆ جێ هێشتوون.

وە ئەوە عوسمانی كوڕی عەففانە كە هەڵدەسێت بەئامادەكردن وبەرێكردنی (جیش العسرة), زۆر هاوەڵی تریش جگەلەم, زۆربوون ئەوانەی كە ئەم دونیایەیان فرۆشت بە قیامەت, خوا لێیان ڕازی بێت, پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرمویت" مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ " واتە: سەدەقەكردن وبەخشین لەماڵ كەم ناكات.

وەهەروەها دەفەرموێت: « مَنْ تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ ، وَلا يَقْبَلُ اللهُ إِلاّ الطَّيِّبَ ، فَإِنَّ اللهُ يَقْبَلُهَا بِيَمِينِهِ ، ثُمَّ يُرَبِّيهَا لِصَاحِبِهَا كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ (المهر) حَتَّى تَكُونَ مِثْلَ الْجَبَلِ » [متفق عليه].واتە: هەر کەسێ لەتێ خورما لەو ماڵەی کە بەکارێکی حەڵاڵ پەیدای کردووە ببەخشێت لە پێناو خوای گەورە، بێگومان خواش هەر شتێك حەڵاڵ وپاك وخاوێن نەبێت وەری ناگرێت و قەبوڵی ناکات، ئەوە پەروەردگار بەدەستی ڕاستی موبارەکی خۆی لەو کەسەی وەردەگرێت، پاشان زیادی دەکات بۆ خاوەنەکەی، هەروەك چۆن یەکێك لە ئێوە ماڵەکەی خۆی زیاد دەکات، تا هێندەی شاخێکی لێ دێت.

جا پیرۆزبێت لەو کەسەی کە بازرگانی لەگەڵ خوادا دەکات چونکە قازانج دەکات, پیرۆزبێت لەو کەسەی بازرگانیەك دەکات کە زیان ناکات, ئای چ سەرکەوتنێکە کە قەرز بدەیتە خوا چونکە بەچەند قات دەتداتەوە.

جا با قۆڵی لێ هەڵماڵن ئەوانەی کە هیچ غەمێکیان نیە لەدونیادا تەنها کۆکردنەوەی ماڵ نەبێت, وە گوێ نادەن لە چ ڕێگەیەکەوە کۆی دەکەنەوە, بابزانن کە خوا دەیانکات بە جێنشین بەسەر ئەوماڵ وسامانەوە بۆ ئەوەی بزانێت کەچۆن

چۆنی هەڵسوکەوت دەکەن بەو داراییەوەو چی لێدەکەن, خەڵکی دووجۆرن سەبارەت بە سەروەت وسامان: بەخشەروچاکەکار وەیاخود ڕەزیل وخراپکار.

با ئەوانەی کەزەکاتی ماڵەکانیان دەرناکەن لەخوا بترسن, ئەگەر ئەوانە بەرێك وپێکی وبەبێ کەم وکورتی زەکاتی ماڵەکانیان دەربکەن ئەوا هەژارونەدار بەویستی خوا نامێنێت لەنێو موسڵمانانندا, خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ﴾ [التوبة: ٣٤، ٣٥].

واتە: ئەوانەی کە زێڕوزیو کۆدەکەنەوەو لەڕێی خوادا بەختی ناکەن جاتۆش بەسزایەکی ئێش پێگەیەنەر مژدەیان بدەرێ, ڕۆژێ کەئەو زێڕوزیوە لەناو ئاگردا سوورئەکرێتەوەو گەرم ئەکرێ وئینجا نێوچاوو کەلەکەوپشتیانی پێ داخ ئەکرێ وئەسووتێنرێ وپێیان ئەوترێ: ئەمە ئەو زێڕوزیوەیە خڕتان کردەوە بۆخۆتان و, بەختتان نەکرد بۆڕێی خوا دەسزاکەی بچێژن.

بەڵام هەندێك لەسامانداره‌كان بیریان چۆتەوە كه ئەوە خوایه ئەو ماڵ وسامانەی پێداون, وەئەو ماڵە موڵكی خوایە, دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى * وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى * وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى﴾[الليل:٨-١١].

واتە: ئەوەش چرووكی كردوخۆی بێ نیازگرت ، وبڕوایشی بەپاداشتی چاكترنەكرد لەلای خوا ، ئەوا ئێمەش كارئاسانی بۆدەكەین بۆ دژوارترین ڕێگە ،ئەوكاتەش كە دەمرێ و فڕێدەدرێتە دۆزەخەوە، هەرگیزیش ماڵ و سامانەكەی هیچ كەڵكی پێ ناگەیەنێت و فریای ناكەوێت.

وە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « وَاتَّقُوا الشُّحَّ ، فَإِنَّ الشُّحَّ أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ ، حَمَلَهُمْ عَلَى أَنْ سَفَكُوا دِمَاءَهُمْ ، وَاسْتَحَلُّوا مَحَارِمَهُمْ» [رواه مسلم].

واتە: خۆتان بپارێزین لە ڕەزیلی وچرووكی, چونكە ڕەزیلی و چروكی ئەوانەی پێش ئێوەی لەناوبرد, وای لێ كردن كە خوێنی یەكتر بڕێژن وشەرەف وناموسی یەكتر بەرەوا بزانن لەسەر ماڵ وسامانی دونیا.

بائەوانە بزانن کە ئەوماڵەی لەبەردەستیاندایە مافی خوای تێدایە, وەباهەستن بەئەنجامدانی ئەو ئەرکەی لەسەریانە, دەرگاورێگای خێرکردن زۆرو هەمەجۆرە بۆئەو کەسانەی خێریان دەوێت, لەوانەش دروستکردنی مزگەوت وبەشداری کردن تێیدا, ویارمەتیدانی هەژاروکەمدەست وبێوەژن وهەتیوو جگەلەوانەش دەرگای خێر زۆرە, پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: « مَنْ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَلَمْ يُؤَدِّ زَكَاتَهُ مُثِّلَ لَهُ مَالُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شُجَاعًا أَقْرَعَ لَهُ زَبِيبَتَانِ يُطَوَّقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُ بِلِهْزِمَتَيْهِ يَعْنِي بِشِدْقَيْهِ ثُمَّ يَقُولُ أَنَا مَالُكَ أَنَا كَنْزُكَ » (رواه البخاري)

واتە: هەر کەسێك خوای گەورە ماڵ وسامانێکی پێ دابوو، وە زەکاتی ماڵەکەی دەرنەکرد ،ئەوا خوای گەورە لەرۆژی قیامەتدا مارێکی کەچەڵی شاخداری بۆ دەنێرێ خۆی دەئاڵێنێ بەو کەسەدا و هەردوو کەلاوەی دەمی دەگرێت وپێی دەڵێت : من ئەو ماڵ وسامانەم کە زەکاتەکەت لێم دەرنەدەکرد .

پاشان بائەوانەی کەمامەڵە بە ریبا(سوو) دەکەن لەخوا بترسن, چونکە ریبا شەڕکردنە لەگەڵ خواو پێغەمبەردا, وە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) تاوانی ریبای بەیەکێك لە حەوت تاوانە لەناوبەرەکان داناوە, وە ریبا بەبەڵگەی قورئان وفەرموودە حەرامە, خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ

الرِّبَا فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ [البقرة: ٢٧٥].

واتە: خوا کڕین وفرۆشتنی ڕێپێداوەو سوویشی حەرام ویاساغ کردووە, ئینجا هەرکەسێك ئامۆژگاری پەروەردگاری بۆهات وگوێڕایەڵی کردو وازی لە سوو خواردن هێنا, ئیتر ئێستا لەسوودێ کەلەبەرا خواردوویەتی چاوپۆشی ئەکرێ, چونکە ئەوە پێش حەرام بوونی ڕیبا بووە, لەمەودوایش حەواڵەی لای خوا دەکرێ, ئەویش بۆی هەیە لێی خۆش بێت, وەهەرکەسیش-پاش ئەم بڕیارە- گەڕایەوە بۆ سوو خواردن دەبنە یارو هاوڕێی ئاگر بەهەتاهەتاییش تێیدا دەمێننەوە چونکە ڕیبایان بەحەڵاڵ زانیوەو بەوەش کافربوون.

وە خاوەن ریبا یاخود ئەو کەسەی کە سووخۆرە نەفرەت لێکراوە, چونکە لە ئیبن مەسعودەوە دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت: « لعَنَ رسولُ اللَّهِ صَلّى الله عَلَيْهِ وَسَلّم آكلَ الرِّبا وَمُوكِلَهُ وَكاتِبَهُ وَشاهِدَيْهِ وَقالَ: "هُمْ سَوَاءٌ" » (رَوَاهُ مُسْلمٌ)

واتە: نەفرینی خوا لەو کەسەی سوو دەخوات ولەو کەسەشی کە سووی بۆ دەخورێت — واتە لەو کەسەی کە سووەکە دەدات، و لەو کەسەشی کە گرێ بەندی ئەو مامەڵەی سوو خواردنە دەنوسێت، لەو دوو شاهیدەی لەو گرێ بەستەدا شاهیدی دەدەن.....

با ئەو کەسە لەخوا بترسێت کە ماڵ وداراییەکەی خەرج دەکات لەوەی خوا حەرامی کردووە لە قومار وکڕین وفرۆشتنێکی حەرام وغەشکردن لە مامەڵەدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [المائدة: ٩٠].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بێگومان بن کە عارەق ومەی خواردنەوەو قوماربازی وکاغەزی(یانصیب) وئەو بەردەی کە ئاژەڵی بتەکانی لەسەر سەردەبڕیٚ بۆ بتەکان وفالگرتنەوە بۆ دەرکەوتنی بارێکی چاك, یان خراپ یان بۆ تاقیکردنەوەی بەخت, ئەمانە گشت پیسن ولەکاری شەیتانن, دەسا ئێوە خۆتانی لیٚ دووربگرن, تا بەڵکو لە دونیاوقیامەتدا ڕزگاروبەختەوەربن.

با ئەوانە لە خوا بترسن وترس وبیمی ئەویان هەبێت کە ڕاهاتوون بە خواردنی ماڵی هەتیوان بەستەم وزۆرداری, خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا﴾ [النساء: ١٠].

واتە: ئەو کەسانەی کەبە ستەم وناهەق, ماڵ وسامانی منداڵانی هەتیوو بێ باب دەخۆن, بێگومان تەنها ئاگر دەکەن سك وورگیانەوە وبەزوویش دەخرێنە ناو ئاگرێکی زۆرگەرم وبەگڕی دۆزەخەوە.

با وریاوبێداربن ئەوانەی کە مامەڵە دەکەن بە جۆرەکانی کڕین وفرۆشتنی حەرام وخراپەوە, وەك: جگەرە, حەشیش, فرۆشتنی ئامێرەکانی مۆسیقا, فرۆشتنی سیدی وکاسێتی گۆرانی, و فرۆشتنی کاسێت وسیدی ڤیدیۆی خراپ کەسەر دەکێشێ بۆ نەنگی ونغرۆبوون لەتاوان وسەرپێچی ودوورکەوتنەوە لە حەق ودینداری, هەموو ئەم کاسبیانە حەرامن و لەپاشەڕۆژدا دەبێتە بەڵاونەگبەتی بەسەر خاوەنەکەیەوە, چونکە هەرکاتێك خوا شتێکی حەرام کردبێ بەهاوقازانجەکەشی حەرامکردووە, با وریاوئاگاداربێت ئەو کەسەی کە بەرتیل وڕەشوە دەخوات, چونکە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەفرەتی کردووە لە

بەرتیل خۆرو مامەڵەی بەرتیلی.

ئەوانە لەسەر ماڵەکانیان لێپرسینەوەیان لێ دەکرێت چۆن پەیدایان کردووەو چۆنیش سەرفیان کردووە, با هەڵنەخەڵەتێن وتووشی لووتبەرزی نەبن بەم ژیانی دونیایە وبەو دەوڵەمەندیەی کەهەیانە, ئەوە قاروونی سەرپێچیکارە کە خوای باڵادەست گەنجینەی دونیای پێ بەخشیبوو بەشێوەیەك کە دەرگای خەزێنەکانی بەچەند پیاوانێکی بەهێزیش هەڵنەدەگیرا !! کەچی گومڕابوو خۆی بەگەورە زانی و سەرپێچی کرد ومافی خوای لەماڵەکەیدا نەدەزانی ودەرنەدەکرد, جا چارەنووسی چی بوو؟ ﴿إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآَتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ﴾[القصص:٧٦].

واتە: بەڕاستی قاروون لەگەڵ وخۆیشانی مووسابوو زۆرێك لە زانایان دەڵێن: ئامۆزای بووە, جا شولی لێ هەڵکێشان بەهۆی ماڵ وسامان ودارایییەکەیەوە پێی درابوو خۆی گیف کردەوەو خۆی لێ گۆڕا بەرامبەریان, ئەوەندە گەنجینەوسامانمنان پێدابوو کەهەڵگرتنی کلیلەکانی قاسەکەی کۆمەڵێکی زۆر بەهێزی شەکەت دەکرد !!!. پاشان دەفەرموێت : ﴿فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِنْ فِئَةٍ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنْتَصِرِينَ﴾[القصص:

[٨١

واتە: جا سەرەنجام خۆی وخانووەکەیمان برد بەناخی زەویدا بەسامان وگەنجینەکەشیەوە هیچ دەستەوکۆمەڵێکیش نەبوو تا لەسزای خوا یارمەتی بدات وخۆیشی نەیتوانی یارمەتی خۆی بدات.

جا بۆیە ئەی موسڵمانانی خۆشەویست با پێکەوە خۆمان بەدووربگرین لە ماڵی حەرام ونەشیاو چونکە بەڕاستی هۆی سەرگەردانی وتیاچوون ووەڵامنەدانەوەی داواوپاڕانەوەکانمانە لای خوا, ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّماءِ يا رَبُّ.. يا رَبُّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِّيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لَهُ؟» [رَوَاهُ مُسْلِمٌ].

واتە: پیاوێك سەفەرەکەی درێژ دەکێشێت ومووی سەری گژ دەبێت وتەپوتۆزاوی دەبێت، بەو شێوەیە دەسەکانی بەرز دەکاتەوە وهاوار دەکات ئەی پەروەردگار ئەی پەروەردگار، کەچی ئەم کەسە خواردن وخواردنەوە وپۆشاکی هەمووی حەرامە

وحەرامیشی دەرد خوارد دراوە، ئیتر چۆن وبەچ شێوەیەك خوای گەورە نزا وپاڕانەوەی لێ گیرا دەكات .

وەهەروەها جۆرێكی تر لەو ماڵە حەرامانەی تر بریتیە لە قەرزكردن لەخەڵك و پاشان نەدانەوەی ونكۆڵی لیكردنی, پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: « مَنْ أَخَذَ أَمْوَالَ النَّاسِ يُرِيدُ أَدَاءَهَا أَدَّى اللَّهُ عَنْهُ ، وَمَنْ أَخَذَ يُرِيدُ إِتْلَافَهَا أَتْلَفَهُ اللَّهُ »[رواه البخاري ( ٢٢٥٧ )]

واتە: هەركەسێك ماڵی خەڵكی بەقەرز وەربگرێت وبیەوێت كە دەسەڵاتی هەبوو بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی، ئەوە خوای گەورە یارمەتی ئەدات وبۆی ئاسان دەكات كە بیداتەوە، بەڵام هەركەسێك ماڵی خەڵكی وەربگرێت بەو مەبەستەی كەنەیداتەوە بە خاوەنەكەی، ئەوە خوای گەورە ماڵەكەی لەناو دەبات

چونكە ئەو قەرزە دەبێتە بەڵاو گەردنی دەگرێت, لەڕۆژی قیامەتدا لەجیاتی پارەدانەوەی چاكەكانی دەبات, بۆیە وریا بن ئەی ئەوانەی كە قەرزارن پێش مردنتان ماف بگەڕێننەوە بۆ خاوەن مافەكان, چونكە لەو ڕۆژەدا پەشیمانی سوودی نیە, ئەوەتا پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: « نَفْسُ الْمُؤْمِنِ

مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّى يُقْضَى عَنْهُ »( صحيح سنن الترمذي رقم : (١٠٧٨)

وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٤١٣) .)

واته: (ڕۆح و گیانی) ئیماندار پەیوەست و هەڵواسراوە بەو قەرزەوە کە لە سەریەتی تاوەکو بۆی دەدرێتەوە .

وەیان لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت" هَلْ تَدْرُونَ مَنْ الْمُفْلِسُ ؟ قَالُوا : الْمُفْلِسُ فِينَا ، يَا رَسُولَ اللَّهِ ، مَنْ لَا دِرْهَمَ لَهُ وَلَا مَتَاعَ . فقَالَ : « إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصِيَامٍ وَصَلَاةٍ وَزَكَاةٍ وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ عِرْضَ هَذَا ، وَقَذَفَ هَذَا ، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا ، فَيُقْعَدُ ، فَيَقْتَصُّ هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يَقْضِيَ مَا عَلَيْهِ مِنْ الْخَطَايَا أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ » [رواه مسلم (٢٥٨١) ، والترمذي (٢٤١٨)].

واته : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەهاوەڵەکانی پرسی ئایا دەزانن کێ موفلیسە؟ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان : موفلیس لای ئێمە ئەو

کەسەیە کە ماڵ ودارایی وپارەو وپوڵی نەبێت، ئەمجا پێغەمبەری ئازیز فەرمووی : موفلیس لە ئوممەتی من ئەو کەسەیە لە ڕۆژی قیامەتدا بە نوێژ وزەکات وچاکە وحەسەناتێکی زۆرەوە دێت کە هێندەی چیاکان دەبن، بەڵام لەدونیادا جنێوی بەئەم داوە ومالّی ئەوی خواردووە وخوێنی کەسێکی تری بەناهەق ڕشتووە، یان لەخەڵکی داوە بەناهەق، جاهەرچی چاکە وحەسەناتی هەیە بەئەندازەی ئەو زوڵم وستەمەی کە کردویەتی لەخەڵکی دەدرێت بەو کەسانە، هەرکاتێکیش کە حەسەنات وچاکەی نەما لەخراپەی ئەو خەڵکە دەهێنن دەیدەن بەسەر ئەمدا، ئەمجا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

## ئەی برای خاوەن ماڵ و دەوڵەمەند:

لەخوا بترسە لەو ماڵەی کە خوا پێی بەخشیویت, لەڕێگاوشێوازی خێردا سەرفی بکە, وچاکەی پێبکە, وەبزانە کە خوا مافی لەو ماڵەدا هەیە, ووریاوترسی سزاو توڕەبوونی خوات هەبێت, چونکە خوای باڵادەست دەسەڵاتداری ئاسمانەکان وزەویە. وە بزانە کە خوا شت دوادەخات بەڵام شت پشتگوێ ناخات وەهەرکە ستەمکارێکی گرت بەشێوەیەك لەناوی دەبات هەروەکو بلێی نەبوبێت, جا بێداربن لەمامەڵەوکڕین وفرۆشتنی حەرام وناڕەوا پێش لەدەست دەرچوونی کات,

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « إِنَّ رِجَالًا يَتَخَوَّضُونَ فِي مَالِ اللهِّ بِغَيْرِ حَقٍّ ، فَلَهُمْ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ » [البخاري].

واتە: بەڕاستی کەسانی وا هەن بەناحەق ڕۆ دەچن لەماڵ ودارایی خوای گەورەدا ( واتە بە ئارەزووی خۆیان ماڵ ودارایی کۆدەکەنەوە وزەکات ومافەکانی خوای لێ نادەن )، ئائەوانە تەنها ئاگریان بۆ هەیە لەڕۆژی دوایدا .

ئینجا پیرۆزبایی لەوانەی کە مافی خوایان زانی لەماڵ وسامانەکەیاندا وبازرگانیەکی براوەوبەقازانجیان ئەنجامداوە لەگەڵ خواداو قەرزێکی باشیان داوە بەخوا, خۆشبەختی بۆئەوانەی کەبەشەوڕۆژ وبەنهێنی وبەئاشکرا تەنها لەپێناوی خوادا دەبەخشن, ومەبەستیان دواڕۆژە وداوای بەهەشتی پێ دەکەن پەنا دەگرن لەئاگری دۆزەخ, پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ » [متفق عليه]. واتە: گەر بەلەتە خورمایەکیش بێت خۆت لەئاگر بپارێزە.

جا دەسخۆشی لەوانەی کەیارمەتی برا هەژارو خوشکە کەم دەرامەتەکانیان دەدەن, چەند بێوەژن هەیە کەلەئەنجامی دەستکورتیەوە خەریکە

ببێتە نێچیـر بۆکەسانی داوێن پیس ورەوشت خراپ, یارمەتی بۆهاتووە لەلایەن چەند موسڵمانێکەوە بەهۆیەوە داوێن پاکی خۆی ڕاگرتووە ودوورکەوتۆتەوە لێی, وەچەند هەژارهەیە کەبەهۆی یارمەتی موسڵمانانەوە وازی هێناوە لەداواکردن لەخەڵك, وە چەند هەتیو هەیە کەخەریك بووە دەستی خراپەکارانی پێبگات بەهۆی فەزڵی خواوە یارمەتی وبەخشینی ساماندارن ڕزگاری کردووە, جا بەڕاستی ئەو سامانەی کەلەم پێناوانەدا خەرج دەکرێن دەبێت بەخۆشبەختی وهۆی سەرفەرازی خاوەنەکەی لە ڕۆژی دواییدا, و مژدەی خۆشی وئاسوودەییان لێبێت بەمژدەی پەروەردگار سەبارەت بەوانەی کەبەخشەری ماڵ ودارایین لەپێناوی ئەودا ﴿مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِئَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [البقرة: ٢٦١].

واتە: نمونەی ئەو کەسانەی کە دارایی خۆیان لە رێگەی خوادا دەبەخشن، هەر وەکو دانە تۆمێکە کەحەوت گوڵ دەردەکا ،و هەر گوڵەی سەد دانەی تیێدا بێ " کەوابوو تەنها دانە تۆمێك (٧٠٠) دەنکی پیێوە دەبێ، واتە: پاداشتی گشت خیێرو چاکەیەك بە لای خواوە یەك بەدە، تا حەوت سەدە ، وە بۆ هەرکەسیش خوا

خۆی بیەوێ چەند بەرامبەر پاداش دەدا چونکە خوا بەخششی یەکجار فراوانە، زۆر ئاگاو زانایە" ئەزانێ هەرکەس چەندە هەڵدەگرێ".

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً﴾ [البقرة: ٢٤٥].

واتە: کێ ماڵی خۆی بە قەرز دەدا بەخوا، لەپێناوی سەرخستنی دینی خوادا، بەخشینێکی چاك و پاك و، بەدڵ و دەروونێکی پڕ لەسۆزەوە..؟ هەتا خوایش چەند ئەوەندەی بداتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنْفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ [البقرة: ٢٦٢].

واتە: ئەو کەسانەی کە سامانی خۆیان لە پێناوی خوادا دەبەخشن پاشانیش هیچ جۆرە منەتێ ناکەن و بەچاویاندا نایدەنەوەو دڵی کەس ناشکێنن پاداشیان لای پەروەردگاریان بەرچاو نەهیچ ترسێکیان بۆ ئەبێ لە رۆژی قیامەتداو نە خەفەتبارو زویریش ئەبن بۆ دنیایان.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنْ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٣٤) وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ (١٣٥) أُوْلَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ (١٣٦)﴾ [آل عمران].

واتە: ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێبووردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکارو چاکەخوازانی خۆش دەوێت * ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێك ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن (دوایی بە خۆیاندا دێنەوەو سزای) خوا دێتەوە یادیان، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەکەن، جا کێ هەیە کە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن (ئەوە تاوانە) * ئا ئەوانە پاداشتیان لێخۆشبوون و لێبووردنە لە لایەن پەروەردگاریانەوە لەگەڵ باخەکانی بەهەشتدا

کە چەندان ڕووبار بەژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیاندا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنەسەر، ئەم بەهرەیە پاداشتێکی زۆر چاکی کۆششکارانە (چونکە دوای تەوبەکەیان لە هەوڵ و کۆششی بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوادا دەبن).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ [سبأ: ٣٩].واتە: هەر شتێ دەبەخشن لەڕێی خوادا، ئەوە خوا بۆتان قەرەبوو ئەکاتەوەو جێگایتان بۆ پڕئەکاتەوە ، وە هەر ئەویشە چاکترین ڕۆزی بەخشە.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت « قَالَ اللهُ أَنْفِقْ يَا ابْنَ آدَمَ أُنْفِقْ عَلَيْكَ» [متفق عليه]. واتە: خوای گەورە فەرموویەتی : ئەی ئادەمیزاد ببەخشە پێت دەبەخشرێت.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « لَا حَسَدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ: وذكر منها: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالًا فَهُوَ يُنْفِقُهُ آنَاءَ اللَّيْلِ، وَآنَاءَ النَّهَارِ» [متفق عليه]واتە:

حەسوودی دروست نیە تەنها لەدووشتدا نەبێت : لەوانە, کەسێك کەخوا ماڵێکی پێ بەخشیوە ئەویش بەشەو ورۆژ لێی دەیبەخشێت.

اللهم إنا نسألك رزقًا طيبًا حلالاً، اللهم أغننا بحلالك عن حرامك، اللهم أقنعنا بما رزقتنا وبارك لنا فيه، اللهم ألِّف بين قلوب المسلمين في كل مكان، اللهم إنا نسألك الجنة ونعوذ بك من النار، اللهم وفقنا لما تحب وترضى ويسرنا للهدى ويسر الهدى لنا برحمتك يا أرحم الراحمين، والحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.

**بانگەوازمان**

**١- گەڕانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر** (صلي الله عليه وسلم) **و تێگەیشتن و کارکردن پێیان بەو شێوەیەی کە سەلەفی صالح لێیان تێگەیشتوون و لە ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.**

**٢- پاك کردنەوەی تەواوی ئەو لایەنانە کە پەیوەستن بە ژیانی موسڵمانان لەسەرجەم دیاردەکانی هاوبەشی (الشرك) و جۆرەکانی و ووریا کردنەوەیان لە ترسناکی بیدعە و تێکڕای ئەو بیرو بۆچوونە پوچانەی کە تێکەڵ بە بیرو هۆشیان بووە هەروەها پاڵاوتن و جیاکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر** (صلي الله عليه وسلم) **لەو ڕیوایەتە** (ضعيف) **و هەڵ بەستراو** (موضوع)**ە بێ بنەمایانەی کە ئایینی پاکی ئیسلامیان لەکەدار کردووە و بوونەتە پەرچ لەڕێی پێش کەوتنی موسڵمانان .**

**٣- پەروەردەکردنی موسڵمانانە لەسەر ئایینە ڕاستەقینەکەیان و بانگ کردنیانە بۆ کار پێکردنی و جوانکردن و ڕازاندنەوە (التحلی) یان بەتەواوی ئەو ڕەوشت و ئاکارە بەرزانەی کە ڕەزامەندی خوایان پی بەدەست دێ و مایەی بەختەوەری و سەرفرازی دونیاو دوا ڕۆژن .**

٤- زیندوو کردنەوەی بیرو هۆشی ڕەسەن و دروستی ئیسلامییە لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا لەسەر ڕێ و شوێنی پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە ئیسلامییە لەگەڵ لابردن و بنەبڕ کردنی هەموو جۆرە دەمارگیرییەکی مەزهەبی و حزبی کە بوونەتە مایەی پارچە پارچە کردنی موسڵمانان و دوور خستنەوەیان لەیەکتری و کۆسپ و تەگەرەن لەڕێی ڕەنگ دانەوەی برایەتی ڕەسەنی ئیسلامی.

٥- دانانی چارەسەری ئیسلامیانە بۆ تەواوی ئەو گیرو گرفتە هاوچەرخانەی کە لە ئارادان وەهەوڵدانە بۆ دەستە بەرکردنی ژیانێکی ئیسلامیانە لەسەر ڕێبازی ڕەسەنی پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) و هاوەڵە بەڕێزەکانی .